**وەزارەتــی ناوخــۆ**

**ژمارە :**(٨٢٢١) لە ٢٠١٣/٤/٢١

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە مادده (٥) لە یاسای وەزارەتــی نــاوخۆ ژمــارە (٦)ی ســالی ٢٠٠٩ و بۆ زیاتر ڕێکخستنی کاروباری موختارەکان لە گەڕەك و سنووری شــارەوانی و گونــدەکانی هەرێمی کوردستان و دووبارە کاراکردنی ڕۆلی موختارەکان بە شێوەیەکی شارستانی کەوا بگونجێت لەگەل بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان بۆ زیاتر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشتر بۆ هاوولاتیان لە سنووری کارەکانیان کە بازنەیەکە لە نێوان هاوولاتیان و یەکە کارگێڕییەکان و بەمەبەستی بــرەودان بە پەیوەندی و بەردەوامی لەگەل کۆمەلگا و ڕێکخستنی کاروبارەکانی و پەیوەستی ئیداری و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی سالی ٢٠١٣**

**ڕێنمایی تایبەت بە کاری موختارەکان**

**یەکەم :** مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییــە ڕێکخــستنی کاروبــاری موختارەکــانی گەرەکــەکان و گوندەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستانە و دیاری کردنی ماف و ئەرکەکانی موختار بەرامبەر بەو هاوولاتییانەی کە نیشتەجێی ئەم گەرەکە یان گوندەن کە موختارەکە کاری تیادا دەکات و بۆمەبەستی بوونی شەرعیەتی یاسایی بۆ ئەو مامەلانەی پێویستی بە پشتگیری موختار هەیە

**دووەم :**

١- بۆ هەر گەرەکێك لە سنووری شارەوانی و هەر گوندێك یەك موختار دەست نیشان دەکرێت

٢- هەلبژاردنی موختار و راسپاردنی بــۆ کارەکــەی لــە ڕێگــای پێــشکەش کردنــی داواکارییــەکی ڕاستەوخۆ و CV و بەپێ ی لێهاتوویی و مەرجەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە دەبێت بۆ پارێزگا یان یەکەی کارگێڕی سنووری کارەکەی و لە ڕێگــای لێژنەیــەکی تایبەتــەوە کــە پێکهێنرابێــت بــۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە و دامەزراندنی بە بڕیارێك لەلایەن پارێزگارەوە یان وەزیر .

٣- گوند هەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە کەوا بریتییە لە کۆمەلە مالێك کــە ژمــارەی دانیشتوانیان کەمتر نەبێت لە ( ١٥٠ ) کەس .. وە ئەگەر گوندێك ژمارەی دانیشتوانی کەمتر بوو ئەوا بە دوو گوند موختارێك دەستنیشان دەکرێت .

٤- گەڕەك : گەرەکی سنووری شارەوانییە .

## مەرجەکانی کاندیدکردن بۆ موختار

**سێیەم :**

١- هەڵگری رەگەزنامەی عێراقی بێت و لەدایك و باوکێکی عێراقی بێت و دانیشتووی ئەو (گەرەك) یان (گوند)ە بێ کە تیایدا دەبێتە موختار.

٢- کەسێکی شیانی یاسایی ( اهيلة قانونية ) هەبێت .

٣- تەمەنی کەمتر نەبێت لە (٣٠) ساڵ وزیاتر نەبێت لە (٥٠) ساڵ لەکاتی پێشکەش کردنی داواکاری دامەزراندنی بە موختار .

٤- خاوەن خورەوشت و ناوبانگ وهەڵسوکەوتی بەرزو باش بێت .

٥- خێزاندار بێت و سەڵت نە بێت .

٦- فەرمانبەر و خانەنشینی کەرتی گشتی وتایبەتی نەبێت .

٧- هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی بەلایەنی کەم ناوەندی بێت بۆ گەرەکەکان و سەرەتایی بێت بۆ گوندەکان .

٨- هیچ کێشەیەکی تەندروستی و لەش لاری نەبێت بە پێی راپۆرتی پزیشکی پسپۆری پەسندکراو

٩- تاوانبار نەکرابێت بەتاوان یان کەتن (جناية او جنحة) وحوکم نەدرابێت .

١٠- لەسەردەمی رژێمی لەناوچوو بەشداری لەتاوانەکانی دژ بەگەلی کوردستانی نەکردبێت.

١١- ماوەی کارکردنەکەی بۆ(٤) ساڵ بێت و مافی نوێ کردنەوەی ماوەکەی هەیە بۆ یەك جار .

## ئەرکەکانی موختار

**چوارەم:**

١- جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی کەوا بە موختار سپێردراوە لەیاسای (اصول المحاكمات الجزائية العراقية) ژمارە٢٣ی ساڵی ١٩٧١.

٢- پێویستە لەسەر موختار دوای راسپاردنی وەکو مختار ئامارێکی وردی دانیشتووانی گەڕەك یان گوند ئەنجام بدات و زانیارییەکان لەتۆمارێکدا هەڵبگرێت بەشێوەی نهێنی .

٣- ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندار لە .

أ-(هەر جموجۆڵ و کارێکی گوماناوی کە هەرەشە لە بارودۆخی ئاسایشی هەرێمی کوردستان) بکات

ب- ( زێدەرۆیی لەسەر مولك و ماڵی گشتی ) وە کارە نایاسایی و نامۆکان وەکو ئەو کارانەی کەوا دوورن لە ڕەوشتی باش و رەوشتی گشتی .

ج- هەست پێکردن و هەبوون و بلاوبونەوەی نەخۆشییە ترسناك و گواستراوەكان و میكرۆبییەكانی ...هتد .

د- لەكاتی كۆچكردنی یەكجارەكی یان هاتنی یەكجارەكی هەر خێزانێكی نوێ بۆ گەرەك یان گوند .

هـ- لەكاتی نیشتەجێ بوونی هەر خێزانێكی ئاوارەی غەیرە عێراقی .

٤- رێكخستنی پشتگیری نیشتەجێبوون و بەڵگەنامە پێویستەكان و پەسندكردنی لە سنوری كارەكەی

٥- پێویستە مختار ئەم تۆمارانەی لەلا هەبێت :

أ- تۆماری دانیشتوانی سنووری كارەكەی بەژمارەی گەڕەك و كۆڵان و خانووو كاری هەر ئەندامێكی هەر خێزانێك .

ب- تۆماری نیشتەجێبوونی نوێی خێزان لە سنوورەكەی و ئەو خێزانانەی كە لە لێوەی دەردەچن .

ج- تۆماری خێزانە بیانییەكان .

د- تۆماری لەدایك بووان و مردووان .

٦- پابەندبێت بە پاراستنی ئەخلاقیاتی پیشەكەی و دەست وەرنەدات لەلایەنی سیاسی دانیشتوان و پاراستنی نهێنییەكان كە لەكاتی پەیڕەوكردنی كارەكانی دەستی دەكەویت .

٧- هەر ئەركێكی تر كە لەیاسا كارپێكراوەكان بۆی دیاری كراوە یان هەر ئەركێك لەلایەن پارێزگاوە پێی دەسپێردرێت .

## مافەكانی موختار

**پێنجەم:**

١- خەرج كردنی دەرماڵیەك یان پاداشتێكی مانگانە بەبڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار لە بودجەی پارێزگا یان یەكەی كارگێری سنووری كارەكەی .

٢- رێكخستن و دروست كردنی مۆری تایبەت بە پەسندكردنی بەڵگەنامە یاساییەكان بۆ هەر موختارێك بەپێ ی نموونەیەك كە لەلایەن یەكەی كارگێری سنووری كارەكەی ئامادە بكرێت بە شێوەیەك كە نەتوانرێت ساختە یان لەبەر گرتنەوەی تیادا بكرێت .

٣- وەرگرتنی بڕی (١٠٠٠) هەزار دینار بۆ كرێ ی مۆری پەسندكردنی بەڵگەنامەكان لەبەرامبەر كرینی قرتاسیە( بەرگوزار ) و فۆتۆكۆپی و ........هتد .

٤- راسپاردنی موختاری نزیكترین گەرەك یان گوند بەكاری موختار لە كاتی ئامادەنەبوونی موختاری رەسەن .

**كۆتـايی هێنـان بە كاری موختـار**

**شەشەم:**

١- كاتی تەواوبوونی ماوەی راسپاردنەكەی .

٢- مردنی یان نەخۆشكەوتنی كە بەهۆیەوە نەتوانێت كارەكانی جێبەجێ بكات بە پـێ ی راپـۆرتی پزیشكی .

٣- وازهێنانی بە ئارەزووی خۆی لە لەرێگای پێشكەش كردنی داواكارییـەك بـۆ یەكـەی كـارگێری سنووری كارەكەی .

٤- بەجێ هێشتنی كارەكەی بەبێ هیچ هۆیەك بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ بەردەوام .

٥- پابەندكردنی بە وازهێنانی لە كارەكەی .

أ- مانەوەی لەكارەكەی زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت بەپێ ی لێكۆلێنەوە و دەلیلی پێویست.

ب- دەرچوونی حوكمێك بەرامبەری لە بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانێك .

**حەوتەم:**

١- لەسەر هەموو پارێزگاكان و ئیدارەكان و یەكە كارگێرییەكانە ئەم رێنماییە جێبەجێ بكەن.

٢- ئەم رێنماییە كاری پێدەكرێت لە رۆژی بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) .

**كـريم سـنـجــاری**

**وەزیـری نـاوخـۆ**